ڕاپۆرتێکی پوخت دەربارەی سناپچات

ئەم پەڕەیە خۆتان پڕی بکەنەوە بەو شێوازەی کە خۆتان ئەتانەوێت


# (پێرستی بابەتەکان )


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەکی | 4 |
| سەرەتایەک لە سناپ | 5 |
| کۆمەڵیک داتا و ئاماری گرنگی سناپچات | 7 |
| پێش بەناوبانگبوونی کۆمپانیاکە | 8 |
| گەشەسەندنی کۆمپانیاکە | 10 |
| ئایا سناپچات لەلایەن (مێتا) فەیسبووکەوە خاوەندارێتی ئەکرێت | 11 |
| ئیمۆجیەکانی سناپچات | 12 |
| سەرچاوە | 14 |

پێشەکی :

بەناوی خودای گەورەو میهرەبان ، بەپێویستم زانی راپۆرتێکی ڕیک و پێک بکەم دەربارەی تۆری کۆمەلایەتی سناپچات کە گرنگیەکی زۆری هەیە لە ژیانی رۆژانەماندا هەم بۆ کاری بزنس هەم بۆ ناسینی هاورێ و بەردەوامبوونی پەیوەندی هاوڕیەتی و خزمایەتی نێوان چینەکانی کۆمەڵگا بەلام وەک لەراپۆرتەکەدا باسم کردووە بەراستی زیاتر سناپچات بۆ کاری خراپە بەکاردێت لەلایەن گەنجەکانمانەوە ئەمەش تەنها لە کوردستان و عێراق نیە بەڵکوو لەهەموو جیهان بەو شیوازە بەکار ئەهێندرێت ئەویش بەهۆی ئەوەی زیاتر گەنج و لاو تەمەن ١٦ بۆ ٢٠ ساڵ بەکاری دێنن ، لەخوارەوە زانیاری زیاترم خستوەتە روو دەربارەی تۆڕەکەو ئەپەکە و کۆمپانیاکەو و چۆنیەتی گەشەکردنی بەهیوام بۆ هەرکەسێک سودێکی هەبێت .

PAGE-MERGEFORMAT




ڤێرشنی کۆنی سناپچات .

## سەرەتایەک لە سناپ

کۆمپانیای سناپچات کۆمپانیایەکەی ئەمریکیە ،لە 16ی ئەیلولی 2011 لە لایەن ( ئیڤان سپیگل وبۆبی مۆرفی و ڕیگی براون ) دامەزرا و پاشان لەلایەن خوێندکارانی ستانفۆردەوە پەرەی پێدرا ، بەرنامەکە ئەتوانی وێنە و ڤیدیۆ تۆمار بکەیت و هەڵی بگریت و هاوبەشی پیبکەیت لەگەڵ هاوریکانتدا و نامە و پەیوەندی ڤیدۆی و دەنگی راستەوخۆ بگوازیتەوە لەگەڵ هاورێکانتدا .

بەکارهێنانی سناپ چات بووە بە بەشێک لە کاری ڕۆژانە، لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆژیادا کارەکان ئاسانتر دەبن و زیاتر کەسانی دەوروبەرت ئاگاداری ژیانی رۆژانەت دەبن بەهۆی ئەپی سناپچاتەوە ئەتوانی هەم بۆ دۆزینەوەی هاوڕیی نوێ و هەم بۆ پەرەپیدانی کارەکەت سودی لێ وەربگریت .

هەروەها لای هەموان ئاشکرایە تۆری کۆمەڵایەتی سناپ چات یەکێکە لە تۆڕانەی کە بەکاهێنەرێکی زۆری لە خۆی کۆکردۆتەوە ئەویش بەو کۆمەڵە تایبەتمەندیە ناوازانەی کە لە زۆربەی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانی تر بەدی ناکرێك کە بریتیە لە کاتێك بەکارهێنەران وێنە و ڤیدیۆ کانیان پۆست دەکرد ئەگەر هاورێکانیان (سکرین شۆتی) یاخود وێنەی شاشەی بگرێت ئەوا خاوەنەکەی ئاگادار دەکرێتەوە کە لە زۆریك لە تۆرە کۆمەڵایەتیەکان ئەو تایبەتمەندیە نیە ئەمەش وای کردوە کە سناپ چات لای بەکارهێنەرانی گرینگ و نایاب دەربکەوێت ، هەروەها مانەوەی پۆستەکان تەنیا بۆ ماوەی 24 کاتژمێر یەکێی ترە لەو تایبەت مەندیانە و ناردنی نامەو وێنە وڤیدیۆ بۆ هاورێکانت و ڕاستەوخۆ سڕینەوەیان دوای بینین و هەروەها ناردنی سکۆر و کۆمەلێ تایبەتمەندی گرنگی لەخۆی گرتوەو رۆژ بەڕژ بەرەو پێشتر ئەڕوات و تایبەتمەندی نوێی بۆ زیاد ئەکرێت لەلایەن کۆمپانیای سناپەوە .


**کۆمەڵی داتا و ئاماری گرنگ دەربارەی سناپچات:**

نویترین ئامار لە مانگی ئاداری 2020 بڵاو کرایەوە دەربارەی بەکارهێنەران و ئەندامە چالاکەکانی ئەم تۆڕە ئەویش بریتیە لە :

963 ملیۆن بەکارهێنەری چالاکی هەبووە لە رۆژێکدا ، لەرۆژێکدا زیاتر لە 4بلیۆن سکۆر ئەنێردرێت ، وە ئەوەی ئەم تۆرە جیا دەکاتەوە لە تۆڕەکانی تر ئەوەیە کە زیاتر نەوەی گەنگ بەکاری دێنن زۆرینەیان ١٦ بۆ ٢٤ ساڵن

هەروەها لەهەندێک سەرچاوە دەستم کەوتوە کە ٪٧٠ بەکارهێنەرانی سناپچات ئافرەتن ، دواتر لەخوارەوە سەرچاوەکان بەلیست دائەنێم .

لۆگۆی سناپچات لەسەرەتای دامەزراندنیەوە تا ئیستا :



**پێش بەناوبانگ بوونی کۆمپانیاکە :**

*لەهەندێک سەرچاوە وتراوە کە سناپچات پێشتر ناوی "پیکابۆ" بووە .


*هەروەها ئەوترێت "ڕیگی براون" پێشنیاری بۆ " ئیڤان سپیگل " کردووە کە وێنەکان بەکاتی بنردرێن بۆ کەسی برامبەر و دوایی بینینیان ون ببن یاخوود بسرێنەوە بەم کردارە ئەوترێت (سکۆر) چونکە ڕیگی براون ئەزموونی بازرگانی پێشووی هەبووە .

*سەرەتا بەرنامەکە بەناوی پیکابۆ(Picaboo) بڵاو کرایەوە لە ئەپپ ستۆری ئایفۆن لە بەرواری ٨ی تەمووزی ٢٠١١ دوای چەند مانگێک لەدەستبەکاربوونی "ریگی براون " لە کۆمپانیاکە لابرا، لە ٨ی ئایاری ٢٠١٢، ڕیگی براون ئیمەیڵێکی نارد بۆ ئیڤان سپیگل لە ماوەی ساڵی گەورەیان لە ستانفۆرد، کە تیایدا پێشنیاری دووبارە دانوستانی هاوبەشی خۆی و ئیڤان سپیگڵ کرد سەبارەت بە خاوەندارێتی کۆمپانیاکە. پارێزەرانی کۆبۆکس بە پێداگرییەوە وەڵامیان دایەوە کە ئەو هەرگیز هیچ

PAGE MERGE FORMAT

پەیوەندییەکی داهێنەرانەی بە بەرهەمەکەوە نەبووە. پارێزەرەکان هەروەها براونیان تۆمەتبار کرد بە ئەنجامدانی ساختەکاری لە دژی سپیگل و مورفی بە درۆ بانگەشەی ئەوە دەکەن کە داهێنەری بەرهەمن. لە جیاتی کڕیارەکانیان، دەزگای یاسا گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە ڕیگی براون هیچ بەها و نرخێکی نەبوو، وە لەبەر ئەوە مافی پشکی هیچ نەبوو. لە ئەیلولی 2014، براون لەگەڵ شپیگل و مورفی بە 157.5 ملیۆن دۆلاری وەک و قەرەبوو وەرگرت .

**گەشە سەندنی کۆمپانیای سناپچات :**



تا مانگی ئایاری 2012  بەکارهێنەرانی سناپچات زیاتر لە یەک بلیۆن وێنەیان لە کاربەرنامەی سناپچات لە پلاتفۆرمی ios  ئایفۆن بڵاو کردبووەوە ، لەگەڵ ئەوەشدا رۆژانە 20 ملیۆن وێنە بڵاو دەکرانەوە ، بەهۆی ئەو رێژە زۆرەوە سناپچات توشی چەن کێشەیەکی لاوەکی بوو شپیگل دانی بەوەدا ناو و هەنگاوی نا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و زیاتر گەشە پێدانی بەرنامەکە بۆیە هەر لەوساڵەداو لە 29ی تشرینی یەکەمی 2012دا ئەپەکە بەردەست خرا بۆ سیستەمی ئەندرۆید .

لە مانگی حوزەیرانی ٢٠١٣ ڤێرشنی 5.0 بۆ سیستەمی ئای ۆئێس (ئایفۆن) بڵاو کرایەوە و کۆمەڵی گۆرانکاری زۆر گرنگ بۆ سناپچات زیادکرا لەڕووی دیزاین و گەڕانی خێراو دۆزینەوەی هاوڕی و ئاسان وەلامدانەوە و خێراکردنی ئەپەکە ئەم ڤێرشنە ناونرا بە "Banquo"  .

هەروەها لە مانگی حوزەیرانی 2013دا، سناپچات بۆ خوار تەمەنی ١٣ ساڵ چالاککرا بەلام چەند جیاوازیەکی هەبوو لەگەڵ سناپی پێشوو ئەوەش ئەوە بوو

کەنەیان ئەتوانی سکۆر بنیرن بۆ یەکتر تەنها بەشێوەیەکی ناوخۆیی ئەیانتوانی رەسم و ڤیدیۆ بگرن .

بەپێی ئامارە بڵاوکراوەکانی سناپچات، تا مانگی ئایاری 2015، بەکارهێنەرانی کاربەرنامەکە ڕۆژانە 2 ملیار ڤیدیۆیان بڵاو ئەکردەوە لە سناپچات و تا مانگی تشرینی دووەم گەیشتە 6 ملیار تا ساڵی ٢٠١٦، ١٠ بلیۆن دیمەنی ڤیدیۆیی ڕۆژانەی لێدا. لە مانگی ئایاری 2016، سناپچات 1.81 بلیۆن دۆلاری لە باشتر و چالاکردن و گەشەپێدانی ئەپەکە سەرف کرد، پێشنیاری بەرژەوەندی بەهێزی بۆ وەبەرهێن و کۆمپانیاکان کرد تا کاریان لەگەڵ بکەن . تا 31ی ئایاری 2016، ئەم کاربەرنامەیە نزیکەی 10 ملیۆن بەکارهێنەری چالاکی ڕۆژانەی لە ئەمریکا هەبوو. لە مانگی شوباتی 2017، سناپچات 160 ملیۆن بەکارهێنەری چالاکی ڕۆژانەی هەبوو، لە مانگی ئایاردا گەشەی کرد بۆ 166 ملیۆن.

لە ئەیلولی ٢٠١٦ کۆمپانیای سناپچان ناونرا بە (Snap Inc) بۆ ئەوەی هاوکات بێت لەگەڵ یەکەم بەرهەمی هاردوێری کۆمپانیای سناپ کە بریتیبوو لە چاویلکەیەکی زیرەک لەگەڵ کامێرایەکدا کە دەیتوانی ١٠ چرکە ڤیدیۆ تۆمار بکات لەیەک کاتدا .

سناپچات لە نۆڤەنبەری ٢٠١٧ دیزاینێکی نوێی بلاو کردەوە کە بووە هۆی مشت و مر لەنێوان بەکارهێنەران و خەلکدا کە ڕەخنیەکی یەکجار زۆری لێ گیرا بەهۆی ئەم دیزاینەوە سناپچات بڕی ١.٣ بلیۆن دۆلاری لە بەهاکەی لەدەستدا ، وە شایەنی باسە زیاتر لە ١.٢ ملیۆن کەس ئیمزایان کۆکردەوە لە سایتی Change.org بۆ گۆرینی دیزاینە نوێەکەی سناپچات .

**ئایا سناپچات لەلایەن فەیسبووک (مێتا) وە خاوەندرارێتی دەکرێت .؟**

**زۆرجار ئەم پرسیارە ئەکرێت ئایا کۆمپانیای مێتا خاوەنی سناپچاتە !**

لەراستیدا ئەتوانین بڵێین نەخێر ، چونکە سناپچات بەوە رازی نەبوو لەلایەن کۆمپانیەیەکی ترەوە خاوەندارێتی بکرێت ، لەساڵی 2013 کۆمپانیای مێتا کە ئەوکات ناوی فەیسبووک بوو هەوڵیدا بۆ کڕینی سناپچات بەبڕی 3 بلیۆن دۆلاری کاش بەلام سناپچات بەوە ڕازی نەبوو ڕای گەیاند کە کۆمپانیاکەیان بە قەوارەیەکی سەربەخۆ ئەمێنێتەوە ، دوابەدوای ئەوە سناپچات زیاتر گەشەی کرد و ناوبانگی زیاتری دەرکرد و بەکارهێنەری زیادی کرد .

# ئیمۆجیەکانی سناپچات :

---

| ئیمۆجی | ناو | ماناکانیان لە سناپچات |
|---|---|---|
| 💕 | Super BFF | تایبەتە بە باشترین هاوری لە سناپچات واتە بۆ یەک هاوڕێ |
| ❤ | BFF | باشترین هاوێکانت لە سناپچات |
| 💛 | Besties | هەروەها لە تەنیش باشترین هاوڕیکانی سناپ دەرئەکەوێت |
| 😊 | BFs | لەتەنیشت هاوڕیکان لە سناپ دەرئەکەویت |
| 😬 | Mutual Besties | لەتەنیشت کەسێکەوە دەر ئەکەوێت کە زۆرترین گفتوگۆتان هەیە پێکەوە |
| 😎 | Mutual BFs | لە تەنیشت کەسێکەوە دەر ئەکەوێت کە باشترین هاوڕیت وێنەیەک یان ڤیدۆیەکت بۆ هاوبەش ئەکات |
| 🔥 | Snapstreak | ئەمە سناپ ستریکە بۆ ئەو کەسانەی بەردەوام پەیوەندیان هەیە ئەگەر دوای ٢٤ کاتژمێر پەیوەندیان نەبێ ئەوا سناپ ستریک لەدەست ئەدەن |
| ✨ | Group Chat | بۆ بەکارهێنەرەکانی گروپێک دەرئەکەویت |
| ⏳ | Hourglass | بۆ چاوەروان بوونی کردنەوەی پەرەیەک یاخود ستۆریەک دەر ئەکەوێت |
| 🎂 | Birthday Cake | تایبەتە بە ڕۆژی لەدایک بوون |

سەرچاوەکان :

1- ماڵپەری Home4T.coM
2- ماڵپەری وەیکیپیدیای عەرەبی و ئینگلیزی
3- ماڵپەری خەندان
4- بلۆگی blog.logomyway.com